# شەهید هێمای سەربەخۆیی و رزگاریە        ئەحمەد دەشتی




هۆ دایە گیان

خوشکی ڕەشپۆش

باوك و برای پشت چەماوم

هۆ وارەکەی ڕەنگین بە خۆێن

کوردستانی ئەنفال کراوم

من دەزانم ئاسمانی تۆ

پڕ ستارەی گەشاوەیە

تیشکی رونیان

پرشنگ دەداو

هەواری کورد روناك دەکا

ئالای جوانی کوردستانم

لە ژێر سایەی ئەو تیشکەدا

سیمای جوانی خۆی دەردەخا

هەر گەلێکی

هێسك و پروسکی رۆلەکانی

لە رێ دانا

لە ناو ناچێ و

دوژمنانی لە ناو دەبا

کوردستانی ڕەنگینی من

واری بەخوێن سوری هەزار هەزار

ئەنفال کراو و ماڵ لێ ڕماوم

کوردستانی خاکی زێرین

بە خوێن ئالی رۆلانی من

شەهیدانی ژێر ناپالم و

بۆمبای شیمیا و هێرشەکانی

داگیرکەری کوردستان و

ئەنفال کەری هەواری من

هاکا ڕۆژێ کە هاتەوە

خاکی کوردو کوردستانم

سەربە خۆبێ و

کوردیش ڕەهاو ئازاد بژی

دوژمنانی کوردستانم وێل دەبن و

گەلی کوردم پێش یکەوی

خوێنی شەهید

هێمای بوون و

سەربەخۆیی کوردستانە

بوونی شەهید

موژدەی شادی و

رزگاربوونی نیشتمانە

لە هەر خاکێ شەهید هەبێ

دوژمن ریسواو زەبوون دەبێ

شەهید رەمزی ئازادیە

بۆ گشت گەلێ شانازیە

نە ئەنفال و بۆمبای کیمیا

نە ئەتۆم و جینۆ سائید

کوردستانم نابەزێنێ

ڕۆژێ هەردی بە سەر شۆڕی

دوژمن بڕواو

سەری نزمی دانەوێنێ

1988 بەرلین بە یادی شەهیدانی ئەنفال و کیمیا بارانی کوردستان بە دەستی ڕژێمی بەعسی فاشیەوە.